## تا چەند گۆرانیبێژە لوبنانییەکان بە جەستەی سەرنجڕاکێش دەرکەوتوون؟

### ئەلیسار بۆ گوڵان:

# تەنیا گۆرانیبێژە لوبنانییەکان دووچاری ئەو ڕەخنانە نەبوونەتەوە



هەرچەندە ماوەیەکە زۆرە نییە کچە گۆرانیبێژی لوبنانی ئەلیسار بەشێوەیەکی پیشەگەر و ڕەسمی دەستی بە گۆرانی گوتن نەکردووە، بەڵام دە ساڵ زیاتر بە کردەوە لە نێو بواری هونەریدا دەژی و ئاگاداری وردەکارییەکانی هونەر و گرفتەکانی هونەرە بە خۆشی و ناخۆشییەکانەوە، بۆیە کە دەستی بە کاری هونەریش کرد تا ڕادەیەك جیاوازە لەگەڵ ئەوانەی کە لە سەرەتای چوونە نێو بواری هونەرین، لە پەیوەندییەکدا ئەلیسار بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.

دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com

**مەروان بە لێهاتوویی خۆی توانی ناسنامەیەکی هونەری بۆ من بدۆزێتەوە**

***بەرنامەی (ستودیو الفن) ژمارەیەکی زۆر هونەرمەندی گەورەی لوبنانی پێگەیاندووە، بۆچی تۆ کە لەو بەرنامەیەدا بەشداریم کردووە زۆر درەنگ دەرکەوتی؟**

- راستە من لە ساڵی ١٩٩٨ بەشداریت لەو بەرنامەیەدا کردووە، بەڵام رەنگە زۆر هۆکار هەبن کە وایان کرد من درەنگ دەرکەوم، بێگومان تێپەڕینی زیاتر لە دە ساڵ بۆ هونەرمەند زۆرە، چونکە بۆ هونەرمەند بەتایبەتی ئافرەت تەمەن زۆر گرنگە و دەبێ زۆر ئاگای لە تێپەڕبوونی تەمەن بێت، بەڵام نەبوونی کۆمپانیایەکی بەهێز کە هاوکاریم بکات یەکێك بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی درەنگ دەرکەوتنم.



*** دوای تێپەڕبوونی ئەم هەموو ساڵە بێ ئومێد نەبووی؟**

- هونەرمەندی سەرکەوتوو و راستەقینە ئەوەیە کە بڕوای بە تواناکانی خۆی هەبێت و کەسانی شارەزا و پسپۆریش شایەدی بۆ بدەن، نابێ هیچ کاتێك بێ ئومێد ببێت، چونکە ژیان دەرفەتێکە و دەوەستێتە سەر ئەوەی چۆن بیقۆزیتەوە، من بڕوای تەواوم بە خۆم و دەنگی خۆم هەیە هەرچەندە یەکەم هەنگاویشم زۆر سادە و سەرەتاییە، بەڵام دڵنیاشم لەوەی کە سەرکەوتوو دەبم بە هەوڵدانی خۆم و هاوکاری چەند کەسانێك.

*** بۆچی فادی حەدادت هەڵبژارد بۆ یەکەم کلیپی خۆت؟**

- نەك من بگرە هەموو هونەرمەندانی لوبنانی و عەرەبی و تەنانەت جیهانیش بەو ئاواتەن لەگەڵ فادی حەداد کار بکەن، من زۆربەی کارەکانی فادی حەدادم بینیوە و سەرسامم بە کار وبیرۆکەکانییەوە و هەرچیەکی کردبێت لە بواری کلیپدا زۆر سەرکەوتوو بوو، شتێك هەیە نایشارمەوە و دانی پێدادەنێم ئەویش ئەوەیە من **خۆم ترسی ئەوەم هەبوو کە فادی حەداد رازی نەبێت لەگەڵ مندا کار بکات .**

*** چی وات لێدەکات دڵنیابی لە سەرکەوتن؟**

- ئەگەر سەیری یەکەم گۆرانیم بکەیت دەبینی من لەگەڵ کەسانی ناودار و بە توانا کارم کردووەن فادی حەداد گۆرانی بۆ کلیپ کردم، مەروان خوری کە بەڕای من یەکێکە لە باشترین و بە تواناترین ئاوازدانەر و شاعیری گۆرانی من کارم لەگەڵ ئەوانەدا کردووە بێگومان هەر کارێکیش ئەمانەی لەگەڵدا بێت تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتنی مسۆگەرە هەر یەکێك لە بوارەکەی خۆی.

*** چی تۆ و مەروان خوری بەیەك گەیاند؟**

- مەروان خوری هونەرمەندێکی گشتگیرە و دەزانێت چ هونەرمەندێك پێویستی بە چ جۆرە گۆرانی یان ئاوازێك هەیە، مەروان بە لێهاتوویی خۆی توانی ناسنامەیەکی هونەری بۆ من بدۆزێتەوە کە جیاوازە لەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی هونەریدا هەیە و هەستی پێدەکرێت، چونکە گرنگی داوە بە وشەکان و ئاواز و زۆر بە وردی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ چینی دەنگی مندا بگونجێت.

*** کێ زیاتر هاوکاری کردووی؟**

- من ئاهەنگێکم ساز کرد بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی یەکەم بەرهەمی خۆم کە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو و زۆر کەس پێیان وابوو کە هونەرمەندە زۆر گەورە و بەناوبانگەکان ناتوانن ئاهەنگی لەم جۆرە ساز بکەن، رەنگە هەندێك کەس قسەی تریش دەربارەی ئەم ئاهەنگە بکەن، بەڵام یەکێك لە براکانم هەموو ئەرکی ئەم ئاهەنگەی لە ئەستۆ گرتبوو، بۆیە لەسەر داوای ئەو برایەم بڕیارمدا هەموو ئەندامانی خێزانەکەم و کەسوکاریشم داوەت بکەم بۆ ئەم ئاهەنگە، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە ئەو برایەم لە یەکەم هەنگاوی کاری هونەریمدا هاوکاریم دەکات ئەگەر ئەو نەبوایە من بە هیچ شێوەیەك نەمدەتوانی کاری هونەری بکەم تەنانەت بیریشی لێ بکەمەوە.

*** زۆر لە کچە لوبنانییەکان بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە تەنیا بە جەستە و وروژاندن گۆرانی دەڵێن و توانای هونەرییان نییە ئەگەر هەشیان بێت کەمە، تۆ لەوە ناترسی بە هەمان شێوە رەخنەت لێ بگیرێ؟**

- هەر کەسێك بە شێوەیەك گۆرانی دەڵێ کە زۆر ئازادە چی دەڵێ و چۆن دەڵێ بەمەرجێك کاریگەری لەسەر بەرامبەر یان هیچ کەسێکی دیکە نەبێت کە ببێتە هۆی بریندارکردنی هەستی کەس، چونکە وەك گوتم هەموو کەسێك ئازادە، من خۆم بیر لەو جۆرە کارانە ناکەمەوە و ئەگەر بزانم توانای ئەوەم نەماوە شتی نوێ پێشکەش بکەم ئەوا بۆ خۆم واز دەهێنم زۆر باشترە لەوەی روو لە وروژاندن بکەم و دوور لە هونەر خۆم نمایش بکەم، چونکە لە کۆتاییدا جەماوەر خۆی کارە باش و خراپەکان لێك جیادەکاتەوە.

*** بۆچی لوبنانییەکان زیاتر دووچاری ئەم جۆرە رەخنانە دەبنەوە؟**

- من لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونەی تۆ نیم، چونکە لە هەموو شوێنێك ئەم جۆرە پروپاگەندانە دژی هونەرمەند و کەسانی ناودار دەکرێت تەنانەت جاری وا هەیە بەڵگە و وێنەشیان بڵاودەکرێتەوە، هەروەها لە سەرتاسەری وڵاتانی عەرەبیش ئەم رەخنانە هەن و دووچاری کەسانی ناودار دەبنەوە بەتایبەتی هونەرمەندان، ئەگەر سەیری میسر بکەین دەبینین زۆر جار شتی وا بڵاودەکرێتەوە کە رێگا لە هەندێك هونەرمەندی میسری گیراوە بچنە وڵاتی دیکە یاخود

مۆڵەتیان لێ سەنراوەتەوە بۆ کارکردن لەبەر ئەوەی لە کلیپێك یان گۆرانییەکدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەرکەوتووە یان یەکێك لە فیلمەکان گرتەیەکی لەو جۆرەی تێدا بووە کە بۆتە هۆی بریندارکردنی هەستی خەڵك، بۆیە من هەرگیز لەگەڵ ئەوە نیم کە تەنیا لوبنانییەکان دووچاری ئەم جۆرە رەخنانە ببنەوە.

*** ئەگەر تۆش وەك زۆر لە هونەرمەندەکان دووچاری ئەم رەخنانە ببیتەوە هەڵوێستت چۆن دەبێت؟**

- من بە دڵێکی فراوانەوە هەموو رەخنەیەك وەردەگرم و هەوڵ دەدەم بە وردی لێی بکۆڵمەوە و بزانم ئایا ئەو رەخنەیەی لە من گیراوە ئەو کات هەوڵ دەدەم کەموکورییەکانم نەهێڵم، بەڵام ئەگەر بزانم رەخنەکە تەنیا بۆ رەخنە گرتنە و هیچی تر هەوڵ دەدەم بە هیچ شێوەیەك وەڵامی نەدەمەوە.

*** زۆر لە کچە لوبنانییەکان لە رێگای نمایشی جلوبەرگ و شاجوانییەوە هاتوونەتە نێو بواری گۆرانی ئەم دیاردەیە چۆن دەبینی؟**

- بێگومان لوبنانییەکان لە زۆر بواردا پێشەنگن بەتایبەتی راگەیاندن و هونەر، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە وڵاتانی دیکەی عەرەبیش هیچیان پێشکەش نەکردووە بەڵکو ئێمە و ئەوان زۆر سوودمان لە یەکتر وەرگرتووە.

*** ئایا دەرکەوتنی کچە هونەرمەندەکان بە شێوازی سەرنجڕاکێش هۆیەك نییە بۆ ئەوەی پروپاگەندەیان لە دژ بکرێت؟**

- نەخێر ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە بە هەموو شێوەیەك رەخنە لە خەڵکانی ناودار دەگرن، هەندێك لە کچە هونەرمەندەکان دوای ئەوەی ژیانی هاوسەرێتیان پێکهێنا پروپاگەندەی زیاتریان لە دژ کرا.

*** نیازی ئەوەت هەیە بە شێوەزاری کەنداوی گۆرانی بڵێی؟**

ئێستا گۆرانی گوتن بە شێوەزاری کەنداوی بۆتە دیاردەیەکی باو لای هونەرمەندانی عەرەبی بە گشتی و لوبنانی بەتایبەتی ئەگەر گۆرانییەك هەبێت بە شێوەزاری کەنداوی ئەگەر بزانم لەگەڵ شێوەی گوتنی مندا دەگونجێت و تێکست و ئاوازەکەی بە دڵم بوو بێگومان دەیڵێم .

*** ئەی بە زمانەکانی دیکە؟**

**بێگومان هەر گۆرانیبێژێك بە چەند زمان گۆرانی بڵێ واتە ئەوەندە جۆرە جەماوەری پەیدا کرد**، هیوادارم بتوانم بە زمانی دیکەی وەك ئینگلیزی و فەرەنسی گۆرانی بڵێم.

*** بە نیازی کاری نواندن بکەیت ؟**

- دەبێ دەرهێنەرێك یان بەرهەمهێنەرێك داوات لێ بکات بەشداری لە کاری نواندندا بکەیت ئینجا دەتوانی بڕیار بدەی، بەڵام من جارێ بیری لێ ناکەمەوە، چونکە من ئێستا لە سەرەتای کاروانی گۆرانی گوتندام .

*** بەڕای تۆ ئێستا لە لوبنان کێ گۆرانیبێژی یەکەمە لە نێو ئافرەتەکاندا؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر زەحمەتە و کەسیش ناتوانێت وەڵامی بداتەوە، چونکە لوبنان خاوەن ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندی ئافرەتە کە هەموویان هونەرێکی زۆر بەرز پێشکەش دەکەن یان پێشتر پێشکەشیان کردووە وەك خاتوو فەیروز و سەباح و چەندانی تر بە هەمان شێوە ئێستاش ژمارەیەکی زۆری هەن کە لەوپەڕی ئاست بەرزیدان، کە نامەوێ ناویان بهێنم نەوەك هەندێکی تر لە یاد بکەم و لێم زویر بن بۆیە داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە نەدەمەوە.

*** تۆ خۆت زیاتر گوێ لە کێ دەگری؟**

- من گوێ لە زۆر گۆرانیبێژ دەگرم بەتایبەتی سەباح و فەیروز و وەدیع ئەلسافی و ملحم بەرەکات و چەندانی تر.

*** ئەگەر کەسانێك رکابەرێتیت بکەن چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە؟**

- من بۆخۆم حەز ناکەم رکابەرێتی کەس بکەم، ئەوەی لە توانامدا هەبێت پێشکەشی دەکەم و هەوڵ دەدەم بە هونەر و کاری جوان بەهرەی خۆم نیشان بدەم.

*** لە پاشەڕۆژی خۆت دەترسی ؟**

- هەرچەندە من بە بەرنامەیەکی داڕێژراو کارەکانم ئەنجام دەدەم، بەڵام هیچ کەسێك نییە لە سبەی نەترسێ، چونکە تەنیا خوای گەورە دەزانێ سبەی چی روودەدات.

*** چۆن کارەکانی خۆت هەڵدەسەنگێنی؟**

- ئەم پرسیارە پێویستە ئاراستەی جەماوەر بکرێت.

*** رۆژانە چۆن کارەکانی خۆت رێکدەخەیت؟**

- کاتی خۆم دابەشکردووە لەنێوان ژیان و کاری رۆژانە و کاری هونەری، بەڵام هەوڵ دەدەم هاوسەنگییەك دروست بکەم بە جۆرێك ژیانی تایبەتی خۆم نەکەم بە قوربانی هونەری لە هەمان کاتدا کاتی پێویستیش بۆ هونەر تەرخان بکەم هەرچەندە هونەر کاتێکی زۆرت لێ دەبات .




**نەک من، بگرە هەموو هونەرمەندانی لوبنانی و عەرەبی و تەنانەت جیهانیش بەو ئاواتەن لەگەڵ فادی حەداد کار بکەن**

**ژیان دەرفەتێکە و دەوەستێتە سەر ئەوەی چۆن بیقۆزیتەوە، من بڕوای تەواوم بە خۆم و دەنگی خۆم هەیە**

**مەروان خوری هونەرمەندێکی گشتگیرە و دەزانێت چ هونەرمەندێک پێویستی بە چ جۆرە گۆرانی یان ئاوازێک هەیە**

**ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە بە هەموو شێوەیەک رەخنە لە خەڵکانی ناودار دەگرن**



## شانیا بۆ گوڵان:

# گۆرانی بە زمانی کوردی دەڵێم و لەکوردستانیش کلیب دەکەم

گۆرانی گوتن بە زمانێکی غەیرە زمانی دایك بۆ هەر هونەرمەندێك رەنگە تا رادەیەك کارێکی بەتایبەتی ئەگەر زیاتر لە یەك گۆرانی بێت، بەڵام هەندێك گۆرانیبێژیش هەن توانای ئەوەیان هەیە کە ئەم رێچکەیە بشکێنن و نەك تەنیا گۆرانییەك یان دوو بەڵکو هەموو بەرهەمەکەیان بە زمانی تر بێت، زۆر هونەرمەند هەن کە کورد نین و بە زمانی کوردی گۆرانییان گوتووە، جا لەبەر هەر هۆکارێك بێت هەرچەندە گۆرانییەکانیش کەم بوون و ئەوەی گوتووشیانە فۆلکلۆر یان گۆرانی هونەرمەندانی تر بووە، بەڵام شانیا یەکێکە لەو کچە عەرەبانەی کە ئێستا خۆی ئامادە دەکات بۆ بڵاوکردنەوە یەکەم بەرهەمی خۆی بە زمانی کوردی کە هەموو گۆرانییەکانیشی گۆرانی نوێن و یەکەم تاقیکردنەوەی شانیایە، بۆیە ویستمان لە نزیکەوە شانیا بدوێنین دەربارەی بەرهەمە نوێیەکەی خۆی چەند پرسێکی دیکە.

دیمانە :هێمن قەسرەیی

*** چۆن بوو بڕیارت دا گۆرانی بڵێی؟**
- من لەمنداڵییەوە گۆرانی دەڵێم، بەڵام تا ئێستا سیدیم بڵاونەکردۆتەوە. لەگەڵ کەسانی پرۆفیشناڵ و تیپی مۆسیقا کارم کردووە و چەند مامۆستایەك پێیان گوتم تۆ دەبیتە گۆرانیبێژ. من هاتم بۆ کوردستان حەزم کرد سیدی یەکەمم بە زمانی کوردی بڵاو بکەمەوە.

***حەزدەکەین لەبارەی یەکەم ئەلبوومی خۆت بۆمان بدوێی؟**
-سیدیەکەم نۆ گۆرانییە هەمووی لە ئاوازی هەڵکەوت زاهیرە تێکستەکانیش لەلایەن شاعیران : مامۆستا شێرکۆ بێکەس، دکتۆر ئاراس عەبدولکەریم، هەڵکەوت زاهیر، حەمەسەعید ئیبراهیم، ڕەنج سەنگاوی،هێمن قەسرەیی، دەرباز یونس نووسراون.

*** کام گۆرانی سیدییەکەت زیاتر لە دڵتەوە نزیکە؟**
- هەموویان بە دڵی خۆمن، بەڵام لەهەموویان زیاتر گۆرانی مۆمی یەك ساڵ.

*** تێکستەکان تاچەند لەژیانی خۆتەوە نزیکن؟**
- هەموو تێکستەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە هەستی خۆم نزیکن و خۆم هەڵم بژاردوون. ئەگەر تێکستێك بە دڵم نەبێت نایکەم بە گۆرانی.

*** ئەلبوومەکەت بەناوی چییە؟**
- پێشتر وا بڕیار بوو ناوی سەما بێت، بەڵام ئێستا بەنیازی ناوێکی ترم بۆ ئەلبوومەکەم تارادەیەکی زۆر لەوانەیە ناوی جوانترین چاو بێت.

*** کەی بڵاو دەبێتەوە؟**
- ئێستا کارەکانی کۆتایی هاتووە، سیدیەکەم دەنێرمە تورکیا و بەم نزیکانە بڵاو دەبێتەوە.

*** ئەی چۆن فێری زمانی کوردی بوویت؟**
- لەسەرەتا کۆرسی فێربوونی زمانی کوردیم بینی، حەزم دەکرد بەخێرایی فێری زمانی کوردی بم، کچە هاوڕێیەکم هەیە ناوی شۆخانە زۆر یارمەتی دام بۆ فێربوونی زمانی کوردی، ڕۆژانە خۆم فێری مانای سی وشەی عەرەبی بە کوردی دەکرد، هەروەها کتێبێکی کوردی و عەرەبییم لا بوو کە ڕۆژانە خۆم فێری مانای پێنج وشەی کوردی دەکرد.

*** هیچ بەرنامەیەکت لەپێشە بۆ ئەوەی سیدیەکەت کۆپی نەکرێت؟**
- بیرمان لەوە کردۆتەوە شتێك بکەین بۆ ئەوەی بەرهەمە لە کۆپی کردن بپارێزین.

*** زیاتر حەزت لەدەنگی کام گۆرانیبێژی کوردە؟**
- ئەیوب عەلی، لەیلا فەریقی و عەزیز وەیسی.

***بەنیازی گۆرانییەك بەشێوەی دیۆتۆ بڵێی؟**
- بەنیازم، بەڵام تا ئێستا دیارنییە لەگەڵ کێ.

***ئەی بیرت لەوە نەکردۆتەوە بە کرمانجی گۆرانی بڵێی؟**
- با بۆچی نا. بەنیازم لەسیدی دووەمم بە کرمانجی گۆرانی بڵێم.

***چەند گۆرانی کلیپ دەکەی؟**
من زۆر حەز لە کلیپ ناکەم. پێم وایە یەك کلیپ بەسە بۆ ئەلبومێك.

***لەگەڵ کام دەرهێنەر؟**
- تا ئێستا دیارنییە. بۆ کلیپەکەش حەزدەکەم بە جلی سەربازی بێت و سیناریۆیەکی نوی بێت. من دەمەوێت ستایلێکی تایبەت بەخۆم هەبێت و دووربێت لەلاسایی کردنەوە. هەروەها لە کوردستان گۆرانییەك کلیپ دەکەم نەك لە وڵاتێکی تر.

***کاردانەوەی خەڵك چۆنە بەرامبەرت ؟**
کە لە شەقام دەڕۆم خەڵك دەڵێن ئەوە شانیای گۆرانیبێژە. ڕۆژێك لە شەقامی ئیسکان پیاسەم دەکرد ئافرەتێك گوتی تۆ شانیای منیش گوتم بەڵێ، گوتی کچەکەم زۆر حەز دەکات وێنەت لەگەڵ بگرێت و پێت سەرسامە. جگە لەمەش لەزۆر شوێن کەسانێکی زۆر سەرسامی خۆیان بە دەنگی من دەربڕیوە.

***ئێستا تۆ ئامادەی لەکۆنسێرتێك گۆرانی بڵێی؟**
-من ئامادەم بەلایڤ گۆرانی بلێم نەك بە پلەی باك. هەروەها ئەتوانم گۆرانی هونەرمەندەکانی تریش بڵێمەوە.

***چەند ساڵە لە کوردستان ژیان بەسەر دەبەی؟**
-دوو ساڵ و نیو لەسلێمانی بووم هەروەها نزیکەی شەش مانگە لەهەولێرم.

***تاچەند ژیانی کوردستانت پی خۆشە؟**
-ژیانی کوردستانم پی خۆشە، بەو پێیەی زۆربەی هاوڕێکانم لەسلێمانین بیریان دەکەم و سلێمانی زۆر خۆشە لای من، لەبەرئەوەی زۆربەی هاوڕێکانم لەسلێمانین ئەوێم لا خۆشترە بەڵام هەولێریشم پی خۆشە.

*** لەگۆرانیبێژە عەرەبەکان بە کامیان سەرسامیت؟**
-لە کچەکان شیرین و ئەساڵە نەسری، لەکوڕەکانیش عەمرو دیاب لەبەر ئەوەی گۆرانییەکانی هەستی گەنجانەی تێدایە هەروەها کازم ساهر و ماجد موهەندیس.

***ئەی لەسەر ئاستی جیهان؟**
-گروپی بلوو هەروەها ئێنریکی.

***جوانترین ڕەنگ لای شانیا؟**
-ڕەش و سپی، ڕەنگی سپی لەبەر ئەوەی کراوەیە هەروەها ڕەنگی ڕەش تایبەتمەندی خۆی هەیە لای من لەگەڵ روخسارم دەگونجێت.

***چۆن پێناسەی خۆشەویستی دەکەیت؟**
- خۆ شه و یستی وشەیەکی زۆر جوانە، خۆشەویستی بۆ هەموو کەسێك پێویستە، پێویستە مرۆڤ بەردەوام خۆشەویستی لە دڵدا بێت.

***جوانترین وشە لای شانیا چییە؟**
- زۆر وشەی جوان هەیە لەزمانی کوردیدا، بەڵام جوانترین وشە کە زۆر حەزی لی دەکەم دوو وشەن کە بۆیەکەم جار شۆخانی هاوڕێم پێی گوتم ئەوانیش، خۆشم ئەوێی و گیانەکەم.



●●●
**پێویستە مرۆڤ بەردەوام خۆشەویستی لە دڵدا بێت**
●●●

## هونەرمەند شیرکۆ تالیب بۆگوڵان:

# کارم لەسەر ستایلی پۆپی مۆدێرن کردووە

**هەر لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە ئومێدی سەرکەوتنێکی گەورەی لێبەدی دەکرا، بەوەی توانی ڕێچکەیەك و ستایلیکی نوێ بۆ خۆی و هونەرەکەی بدۆزێتەوە، شیرکۆ تالیب لەگەڵ ئەوەی درەنگ و دەرکەوتنیشی کەمە، بەڵام لەگەڵ هەر دەرکەوتنیکی ئاسودەییەك بە هەوادارانی گۆرانی و موسیقای کوردی دەگەیەنیت، بۆیە ئێمەش بەو پەڕی خۆشیحاڵییەوە و بەمەبەستی وروژاندنی هەندێك پرسی هونەری ئەم دیدارەمان لەگەڵیدا ساز کرد.**

دیمانە: سۆران مارف کەریم
Soranmarif@hotmail.com



*** بەهرە یان حەز تۆی کرد بە هونەرمەند ؟**

- هونەر خۆی بەهرەیەکی خوداییە، بەڵام هەمیشە کاریگەری دنیایی خەمی خەڵك و سەرترۆپکی هەموویان عەشق و خۆشەویستی دەبێتە هەوێن و پاڵپشت و کاریگەر لەسەر ئەو کەسانەی کە خولیای کاری هونەرین.

*** باس لەوە دەکەن تۆ زۆر لەژێر کاریگەری هونەرمەندی کۆچکردوو کاروان عوسمان بووی و زۆر سوودت لێی وەرگرتووە، هەندێك پێیان وایە ئەو ستایلەی تۆش هەمان ستایلی ئەو هونەرمەندەیە پێت وانییە هونەرمەند دەبێت خاوەن ستایلی خۆی بێت باشترە ؟**

- هونەرمەندی کۆچکردوو ( کاروان عوسمان ) گەلێك بە توانا بوو لە ئاوازدانان و مۆسیقا ژەنین و گۆرانی وتندا، من چەند ئاوازێکی کاروان عوسمانی خۆالێخۆشبووم وتوە کە بە راستی ئەم ئاوازانەم گەلێك پێ جوان بووە، لە هاوڕێی بەڕێزم کاك کامەران عوسمان برای کاروان عوسمان وەرگرتووە کە هاوڕێیەکی زۆر نزیکم و خۆشەویستمە، پێش من چەند هونەرمەندی تر ئەم ئاوازانە و چەند ئاوازی تری ئەم هونەرمەندەیان وتۆتەوە، بەڵام ڕەنگە زیاتر لەمن بیسترابێت یاخود لەوانەوە نەگەیشتیبێت بە جەماوەر و ئەو گۆرانییانە موڵکی من نین بە تەنیا، ئەمەوێت لێرەوە ئەوە بڵێم ئەم ئاوازانە زۆریان گۆڕانکاریم تێدا کردووە و مۆسیقای تازەم بۆ ئەنجام داون و دواتر کلیپم بۆ کردوون، ئاوازی چەند هونەرمەندێکی ترم وتووە لەوانە (سالار سەلمان،سۆران فایەق ...هتد) سەبارەت بە ستایل ڕەنگە ئەم ستایلە لە گۆرانی ئەو بێت کە من لەسەرەتاوە پێم خۆش بووە کاری لەسەر بکەم، ئەویش ستایلی پۆپ کە ئەم ستایلە لە ئەلبومی شینی فیرقەت دا کارم لەسەر کردووە و دواتر لە ئەلبومی (وەرە هاوڕێم بە) لەسەر ستایلی (پۆپی مۆدێرن) کارم تیا کردووە ئەمەش ستایلێکی جیهانییە و زۆر لە هونەرمەندانی جیهان و کوردستان لەسەر ئەم ستایلە کاریان کردووە وە بەردەوام کاری لەسەر دەکەن .

*** خۆت بە قوتابی چ قوتابخانەیەکی هونەری دەزانێت ؟**

- خۆم بە قوتابی قوتابخانەکەی (ژیان) دەزانم، قوتابی هەر هونەرمەندێك لە هەر کوێیەکی دنیا بێت کە کارێکی نوێی بۆ هونەر ئەنجام دابێت .

*** ئێوە بەرهەمتان کەمە کەچی نازناوێکی هونەری باشتان پەیدا کردووە، تۆ هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

-سوپاس بۆ خودا و ئومێدەوارم توانیبێتم خزمەتێکی بچوکم بە هونەر گەیاندبێت، بێگومان هەمو کارێکی جیدی پێویستی بە باوەڕ بەخۆبوون و خۆماندووکردن و سەلیقەی بەرز هەیە تا بتوانیت بەرهەمی جاویدان تۆمار بکەیت و جێگایەك لە دڵی جەماوەردا بۆ خۆت داگیر بکەیت، هەروەها رازی نەبوون بە هەموو کارێك و هەمیشەهەڵبژاردن و گەڕان بە دوای هۆنراوە و ئاوازی دانسقە دا و هتد ..

*** رۆڵی راگەیاندن چۆن دەبینی لە پێشخستنی هونەری کوردی ؟**

-لە راستیدا رۆڵی راگەیاندن زۆر باش نەبووە لە رابردوو دا و هەمیشە گرنگی بەو بەرهەمانە نەداوە کە هونەرین و خزمەتکاری هونەرن، لە بەرامبەردا گرنگی زۆری بە کاری خراپ و نا شایستە داوە و ئەو کەسانەی هەڵسەنگێنەری بەرهەمی هونەری بون و تاکو ئێستاش پەیوەندی راستەوخۆیان بە هونەرەوە نەبووە زیاتر لە زار و رای خەڵکەوە بڕیاریان داوە، زۆر جار بۆ پڕکردنەوەی کات بووە، ئومێدەوارم ئەوانەی کاری راگەیاندن دەکەن لە بواری گۆرانی و مۆسیقا دا زویر نەبن، چونکە لەناو راگەیاندنەکان دا کەسی باشیش هەبوون کە گرنگی باشیان داوە بە کاری جیدی و کاری باش .

*** کام تێکست و کام ئاواز هەڵدەبژێریت بۆ کارە هونەرییەکانت؟**

-سەبارەت بە هەڵبژاردنی هۆنراوە رای جیاوازم هەیە لە زۆربەی هونەرمەندان و شاعیران ئەویش ئەوەیە کە ئەوان شیعری لیرك بە باش دەزانن بۆ گۆرانی، بەڵام من ئەو شیعرانە بە باش دەزانم و هەڵدەبژێرم کە شاعیران بۆ خۆیانیان نووسیوە جا بۆ هەر کام لە پێویستییەکان بوویێت، هەمیشە پێمخۆشە هۆنراوەی سەربەست بکەم بە گۆرانی، پێموایە ئاوازێکی سەربەست دێنێتە کایەوە کە لە ئاوازە بیستراوەکان دوورمان دەخاتەوە بەئاوازی نوێ دەمانناسێنێت .

***بۆچی جاران خەڵك گۆرانی عەرەبی و تورکیان دەگوت کەسیش قسەی نەدەکرد، ئێستا بۆ ئەم ستایلە نوێیەی هونەری کوردی زۆرێك رەخنە و گلەییان هەیە ؟**

- هەر کەسێك کاری هونەری دەکات ئاساییە کاریگەری هونەری بێگانەی لەسەر بێت، رەنگە سەردەمانێك لەمەوبەر کاریگەری هونەری بێگانە بەسەر ئاواز یان مۆسیقا بە کارەکانەوە دیار بوبێت بەڵام لەسەدا سەد بێگانەیی نەبووە هەندێك دەلالەی هونەری بێگانەی پێوە دیار بووە، وەدەمەوێت ئەوە بڵێم جاران ئێمە بەو شێوەیە بەرووی جیهاندا نەکرا بوینەوە ئێستا سەردەم سەردەمی عەولەمەیە تۆ ئەتوانیت لە ماڵەکەی خۆت لەگەڵ ئەوپەری دنیا دا گفتوگۆ بکەیت و گوێ لە هونەری گەلان بگریت و ئاگاداری چالاکییە هونەریەکانی گەلان بیت لە هەمو بوارەکان دا، بەڵام رەنگە ئەو کارانەی ئێستا راستەوخۆ کاریگەری جێگایەکی یەکێك لە وڵاتەکانی پێوە دیار بێت کە ئێمە ئاشنایەتی مێژینەمان لەگەڵ ئەو کارانە هەبووە جا لە هەر دەوڵەتێکی دراوسی بوبێت و ئومێدم وایە ئەگەر ئێمە کارێك ئەنجام ئەدەین بە لە رووی چۆنایەتی ( Quality ) چاو لە هونەری بێگانە بکەین نەك لە تەکنیك و هۆنراوە وتن و ئەم کارە نوێیانەی ئێستا دەکرێت لە رووی چۆنایەتی (کوالیتی ) کارێکی زۆر باشە، ئومێدەوارم کە هەمیشە کاری نوێ لەم چۆنایەتییە بێبەش نەبێت .

***ئەگەر مۆسیقا زمانێکی جیهانییە بۆچی ئێمە زۆر باس لە تێکدانی ئاوازی کوردی دەکەین ؟**

-راستە مۆسیقا زمانێکی جیهانییە، بەڵام جیهان خۆی لە چەند وڵات و جێگای جیاجیا پێکهاتووە، ئەم جێگایانە نەتەوە و ئاین و مەزهەب و کلتور و سروشتی جیا جیایان هەیە، پێویستە هەر میللەتێك لە بواری مۆسیقا و هونەردا رەچاوی ئەو خاڵانە بکەن بۆ ئەوەی پێناسەیەك یاخود مۆرکی ئەو میللەتەی پێوە دیار بێت چۆن هەر کەسێك پێناسەیەکی هەیە بۆ ناسینەوەی لە دنیا دا .

***چی تێدایە ئەگەر سوود لە هونەری بیانی وەربگرین ؟**

-کارێکی زۆر باشە بەڵام گرنگ ئەوەیە ون نەبین لەو سوود وەرگرتنەدا و، بەو شێوەیە بێت کە کارەکانمانی پێ بەرینەپێشەوە لە روی چۆنایەتی و هێنانی (رێتم) ی نوێ بۆ ناو هونەرەکەمان و دروست کردنی فۆرمی تازە و تێکەڵکردنی ئامێرەکان ئەمە لە بواری گۆرانی و مۆسیقا داو لە بواری وێنە و ڤیدیۆ کلیپ بە هەمان شێوە بە مەرجێك لەگەڵ کلتور و کەلچەری ئێمەدا بگونجێت.

*** تۆچۆن لە هونەری ئافرەتان دەگەی؟**

**- لە ناو هونەرمەندانی ئافرەت بەهرەی باش و توانای باش هەیە** کە ئەمرۆ کار دەکەن شان بەشانی پیاوان، هیوادارم کە گۆرانی ئافرەتانە بڵێن، چونکە وەك بەدی دەکرێت هەندێك جار کە گۆرانی فۆلکلۆر دەڵێن گۆرانییەکان زیاتر گۆرانی پیاون کە بۆ رەگەزی بەرامبەر وتراوە هیوادارم ئەوان رەچاوی ئەو خاڵانە بکەن .

***بۆچی هونەرمەندان ئێستا زۆربەیان روو لە گوتنی گۆرانی دەکەن نەك تۆمارکردنی بەرهەمێك یان سیدییەك ؟**

-ئەگەر مەبەستت لەوە بێت کە بۆچی یەك گۆرانی دەڵێن و دواتر ڤیدیۆ کلیپی بۆ دەکەن ئەوە لەبەر ئەوەیە کە بەرهەمهێنانی (CD) کارێکی زۆر گرانە، چونکە ئەم کارە کاری کەسێك نی یە بەڵکو کاری کۆمپانیای یا جیایەلە بەرهەمهێنان یاخود هۆیەکەی ئەوەیە کە نەتوانن چەند بەرهەمێك دروست بکەن جا هۆکەی ماددی بێت یا خود هونەری.

***ئایا خۆبەستنەوە بە فۆلکلۆر تەنیا بەسە بۆئەوەی هونەری کوردی پێش بکەوێت ؟**

- نەخێر بەرای من خۆبەستنەوە بە فۆلکلۆرەوە بەتەنیا ناتوانێت کارێك بکات کە هونەر و هونەرمەند پێشبکەوێت، بەڵکو فۆلکلۆر دەبێت وەك پاڵپشتێکی هونەری بەکار بهێنرێت، چونکە فۆلکلۆر هونەرێکە لە رابردوودا وتراوە دەکرێ بۆ ئایندە هەندێك سوودی لێ وەربگرین .

***هونەرمەندانی ئێستا چی بکەن باشە بۆ ئەوەی لە هونەری هاوچەرخ دوانەکەون لە هەمان کاتدا رەسەنایەتیش لەبیر نەکەن ؟**

- هونەر لە دنیا دا بە خوێندن و خوێندنەوە و گوێ گرتن و سەفەرکردن و بینین سەلیقەی باش پێش دەکەوێت، بۆیە زۆر پێویستە بۆ هونەرمەندان خۆیان رۆشنبیر بکەن،هەمیشە گوێ بگرن و بەدواداچون بکەن بۆ کاری هونەری، پێداچوونەوە بکەن بۆ کارەکانی پێش خۆیان و خەسڵەتەکانی گۆرانی کوردی رەچاو بکەن، هەروەها مۆرکی نەتەوەیی و کلتور کاری زۆر گرنگە کە دەبێت فەرمۆش نەکرێت و لە بەرامبەردا بازاڕی باش بۆ کارەکانیان پەیدا بکەن، چونکە هەموو کارێکی باش بێگومان تێچویەکی باشی دەوێت.

*** تا چەند پێت وایە هونەرمەند پێویستە باکگراوندێکی فکری و مەعریفی هەبێت ؟**

-بەرای من فیکر و مەعریفەی فراوان پێویست بۆ هونەرمەند هەر هیچ نەبێت فەلسەفەیەکی لۆژیکی هەبێت بۆ گوزارشت کردن لە خۆی و هونەرەکەی بۆ نموونە هونەرمەند بپرسێت لە خۆی ئایا بۆچ گۆرانی دەڵێت ؟ یان گۆرانی وتن لە پێناوی چیدا ؟

ئەوکاتە ئەو هونەرمەندە کارەکانی هاندەر دەبن بۆ پێشەوەچون و چاکسازی کۆمەڵایەتی و جۆشدانی شورشی رۆشنبیری بەتەنگەوەهاتنی گۆرانی بۆ بەمێژوو کردنی خۆی و پاراستن و پەرەسەندنی ئەو کارە هونەرییانەی کە کلتور و فەرهەنگی ناو ئەو کارە هونەریانە کە پێشکەشی دەکەن، هیوادارم ئێمە ئەوانەی لە هونەری کوردی دا کار دەکەین لەم روانەوە کەمتەرخەم نەبین خۆمان دەوڵەمەند بکەین.

**رەنگە سەردەمانێک لەمەوبەر کاریگەری هونەری بێگانە بەسەر ئاواز یان مۆسیقا بە کارەکانەوە دیار بوبێت بەڵام لەسەدا سەد بێگانەیی نەبووە**

**ۆر باشە بتوانین سود لە کاری بیانی وەر بگرین بەڵام گرنگ ئەوەیە ون نەبین لەو سوود وەرگرتنەدا**